# شیکردنەوەی شێوازی بەکارهێنانی زمان لە دەقی ئەفسانەی کوردی
# ئەفسانەی "سەلیمی جەوهەریی" بە نموونە

**د. سۆران عبدالرحمن حمد**
بەشی زمانی کوردی-کۆلێژی پەروەردەیبنەڕەت - زانکۆی ڕاپەڕین- هەریما کوردستانێ/ عیراق
**د. شنۆ عەولا حەمەدئەمین**
وەزارەتی پەروەرد - پەروەردەی ڕانیە - ب. پ. ڕاپەڕین- هەریما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەفسانە بە یەکێک لە بەشە هەرە گرنگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری هەر میللەتێک دادەنرێت، کە مێژوویەکی کۆنو نادیاریی هەیە، بە شێوەی ئاخاوتنو دەقی نووسراو ماوەتەوە، بەرهەمێکی بەپێزەو هەم بە زمانی مرۆڤو هەم بە زمانی ئاژەڵانەوە دەگێڕدرێتەوە پاڵەوانەکانی هەم مرۆڤ و هەم ئاژەڵ و دێو و خێون ڕووداوەکان ئاڵۆزن، لە ناوەرۆکی هەر ئەفسانەیەکدا دەیان پەندو ئامۆژگارییو سەرگوزشتەی تێدایە،پاڵەوانی گەورەو ئەنجامدانی کاری مەزن بە شێوەیەکی خەیاڵی بوونیان هەیە، لە ناوخودی ئەفسانەدا هەندێک لە دیاردە نادیارەکان لەبەر ئەوەی بە شێوەی خەیاڵین بە نادیاریی ماونەتەو تەمومژیی واتاییو نادیاریو هەڵچوونو ئەنجامدانی کارو چەندین دیاردەی تری زمانیی لە ئەفسانەدا ڕەنگیان داوەتەوە، کە بەرهەمی هزرو خەیاڵی مرۆڤن شایەنی لێکۆڵینەوەن، گرنگی بابەتی ئەفسانە لە ڕووی زمانەوانییەوە وایکردووە بیر لە شیکردنەوەی دانە زمانییەکان بکرێتەوە، کە دەقی ئەفسانەکە پێکدەهێنن، لە ناوەرۆکی هەر ئەفسانەیەکدا کۆمەڵێ بەشەئاخاوتن بە ئەرکی جیاوازەوە دەبینرێن، هەموو دانەکان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن، شیکردنەوەی ئەم دانە زمانییانە، بە چەندین شێواز دەکرێت، یەکێک لە ئەو ڕێبازو تیۆریانەی بۆ ئەم شیکارییە گونجاوە تیۆریی (بوزیمانە) ئەم تیۆرییە لە ناو هەر دوو پانتایی دەقی زمانییو دەقی ئەدەبیی کاردەکات، کە دەتوانرێت دەرئەنجامێکی گونجاوی ڕێکمان بداتێ لەسەر دەقەکە، ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوە بۆ یەکە زمانییەکانی ئەفسانەی کوردیی(سەلیمی جەوهەریی) کردووە، بەپێی تیۆرییەکی دیاریکراو، کە بە هاوکێشەی (بوزیمان) (Busman) ناسراوە، هەر دوو بەشەئاخاوتنی کردارو ئاوەڵناو، دانەی سەرەکی لێکۆڵینەوەکەن، بە شێوەی ئاماریی داتاو زانیاری ورد دەربارەیان وەرگیراوە ، ئەنجامی شیکردنەوەکان بە پێی تیۆریەکەوەرگیراوە، تیشک خراوەتە سەر

بابەتی نادیاریی و هۆکارەکانی پەنابردنە بەرنادیاریی باسکراوە، لە کۆتاییدا ئەنجامەکان خراوەتە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** *ئەفسانە، پێکهاتەی ئەفسانە، دەقی زمانیی، شیکردنەوەی ئاماریی، هاوکێشەی بوزیمان.*

## پێشەکی

ئەفسانە وەک ژانەرێکی هەرە کۆنی ئەدەبی گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەربۆیە لای هەموو نەتەوەکان وەک دێرینترین ژانەر بە گێڕانەوە دەماو دەم و دواتر نوسراوەتەوە، بەپێی قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵگا گۆڕانی بەسەردا تۆمارکردن و شێوازی گێڕانەوەی داهاتووە، لەهەموو بارەکاندا زمان بنچینەی دروستبوون و لە دایکبوونی دەقە، پردی بەیەکبەستنەوەی خوێنەر(وەرگر) و نێرەریشە، چونکە گێڕەرەوە یان نووسەر تاکە ئامرازی بۆ دەربڕین و چنینی بیر و هزری زمانە و خوێنەر- وەرگریش هەر لە ڕێگەی زمانەوە ئەو بیر و هزر و تێڕامانانەی ئەو دەخوێنێتەوە و لێی تێدەگات.

هەموو ژانەرێکی ئەدەبی خاوەن تایبەتمەندی و مۆرکی جیاکراوەی خۆیەتی بە بەراورد بە هەر دەقێکی تری ئاسایی، ئەرکی زمان تێیدا ئەوەیە، کە بە پلەی یەک بەرجەستەی پەیام و وێنە و گەمە زمانییانەیە بکات، کە لە ئەفسانە بە ئاگاییەوە یان نائاگاییەوە پەیرەویان دەکات؛ بۆیە ئەفسانەش خاوەن زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی سیمای جیاکراوەی خۆی هەیە.

هەر ژانەریکیش بە شێوازێکی تایبەت گوزارشت دەکات و پەیام و واتای خۆی دەگەیەنێت، ئامانج ئەو تویژینەوەیە دەرخستنی ئاماری ئەو شێوازە زمانیەیە، کە لە ئەفسانەی" **سەلیمی جەوهەریی**"[1] گوزارشتی پێکراوە، چونکە ئەفسانە بە یەکێک لە سەرەتاییترین دەقی ئەدەبی دادەنرێت، هەروەها بۆ سەلماندن و دەرخستنی ئەو شێوازە زمانیەی تێیدا بەکارهاتووە؛ بەپێی هاوکێشەی بوزیمان زانیاریمان پێدەدات، کە چ شێوازێکی گێڕانەوە پەیرەوکراوەو ڕێژەی کارو بەرامبەر بەهاوەڵناو خراوەتە ڕوو شرۆڤەی بۆکراوە.

توێژینەوەکە سەرەڕای پوختە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی و پێشەکی دابەشکراوە بەسەر دوو تەوەردا، لە تەوەری یەکەم باسی ئەفسانە و ناساندنێک بۆ ئەفسانە

[1] ئەفسانەی سەلیمی جەوهەری لە کتێبی " ئەفسانەی کوردی" وەرگیراوە، ئەفسانەکە لە لاپەڕە "٧- ٢٧"، ئەم بەرهەمە کۆمەڵێک ئەفسانە لە خۆ دەگرێت، لەلایەن نوسەر " ڕێبوار جەمال سەگرمە" نوسراوەتەوە، ساڵی "٢٠٢٠" لە چاپخانەی کارۆ چاپکراوە.

کراوە و پاشان باسی تایبەتمەندی و پێکهاتەی ئەفسانە کراوە، دواتر باسی زمانی ئەفسانە کراوە. لەتەوەری دووەمدا باسی ڕۆڵی دانەکانی زمان لە شیکردنەوەی ئامارییدا کراوە، دواتر شیکردنەوە بۆ دانەکانی زمان کراوە لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا، ئینجا شیکردنەوەی شێوازی بە پێی تیۆری بوزیمان باسکراوە، دوای ئەوە باسی گرنگی شێوازی شیکردنەوەی زمانی کراوە لە ژانەرە ئەدەبییەکاندا، لە پاشاندا پۆلێنی هاوەڵناو و کارەکان کراوە و ئامارو داتایان بە ڕێژەی خراوەتە ڕوو، ئینجا بەپێی تیۆری بوزیمان بەراورد بۆ داتاکان کراوە. دواتر ئەنجامە بەدەستهاتووەکان.

### تەوەری یەکەم/ ئەفسانەو زمانی ئەفسانە

**یەکەم/ ئەفسانە:** ئەدەبی فۆلکلۆر هەر وەک خاوەن مۆرکێکی ڕەسەنە، کە نرخ و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ژانەرەکانی فۆلکلۆر دەبینین، کە زۆر گرنگن و هەڵقوڵاوی داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵگاو ڕەنگدەرەوەی شێوەی ژیان و باری گوزەران و شارستانیەتی ئەو سەردەمەیە، پەیوەندی ئەفسانە بە ئەدەبەوە پەیوەندیەکی دیرۆکی دێرینە و ئەم پەیوەندیە بە پێی دەرکەوتەی ئەدەب و ئەفسانە لای هەر میللەتێک بە شێوەیەکی تایبەت دەرکەوتووە." احمد، ڕزگار عبدالله،٢٠٢٤: ١٣" ئەم پەیوەست بوونە شتێکی هەرەمەکی و لەخۆوە نییە، بەڵکو ئەفسانە یەکێکە لە ژانەرەکانی ئەدەب، بەڵام پەیوەستی تەواوی لەگەڵ مێژوو و ئایین و فەلسەفە و بوارەکانیتری ژیانی کۆمەڵگادا هەیە، بڕوانە: "حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ٤٧-٤٩" ئەفسانە بە دەقێکی ئەدەبی دادەنرێت و بەجوانترین ڕوخساری ئەدەبی ئارایشکراوەو بەزمانێکی کاریگەر و ساکار دەچێتە ناو بیرو خەیاڵدانی مرۆڤ، ئەفسانە هێندە ئالاوەتە بابەت و ژانەری جیاواز بۆیە لە ڕوی چەمک پێناسەوە بە واتای جیاواز باسی لێوەکراوە، ئەفسانە " خەیاڵە، وەهمە، خەونە حەقیقەتە، واقیعە، زمانە، یا هۆکاری گوزارشتی بیرو باوەڕە، یا ئاینە، یا ڕاڤەکردن و هۆکاری دۆزینەوەیە، فەلسەفە و لۆژیکە، هۆنراوەیە، چیرۆکە، خوڕافیات و سحرێکی مەجازییە، یا بیرکردنەوەی بنەڕەتییە، .." "ابوعلی، رجاء، ٢٠٠٩: ٢٣" لێرەدا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە ئەفسانە کۆمەڵە واتایەکی زۆری لێبارکراوە. واتە ئەفسانە " ئاماژەیە بۆ کێڵگەیەکی گرنگی واتایی، کە ئایین و فۆلکلۆر و مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و شیکردنەوەی دەرونی و.... بەشداری تێدا دەکەن" "حەمەغەریب، سازان جەوهەر، ٢٠١٩: ٩٣" هەروەها یەکێکیتر لەو پێناسە واقیعیانەی کە لەگەڵ ئەفسانەی کوردی زۆر گونجاوە دەگوترێت" دەربڕینی خولیاو و ئەندێشەی پەنگخواردووی دەرونی مرۆڤەلە شێوەیبابەتێکداکە ئامانج لێی کەمکردنەوەی ترس و دوودڵی مرۆڤە لە جیهانێکی پان و بەریندا بەرامبەر هەر هەڕەشە سروشتیەکان بن" "حەسەن، د مولود ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ٦٧".

مرۆڤ بەردەوام بەدوای نادیاریەکان و پرسیارە بێوەڵامەکاندا گەڕاوە، بەتایبەت ئەو شتانەی پەیوەندیدارن بە دین و ژین و زانست و ....هتد، ئەفسانە وەک سەرچاوەیەکی هۆشیاری کۆمەڵایەتی خۆی نواندووەو باسی لە نهێنییەکانی ژیان و جیهان دەکات، لە ناو ئەفسانەدا وەڵامی زۆرێک لە پرسیارەکان دراوەتەوە" ڕەشید، جمال ، ٢٠٠٥ : ٥٦٣" هاوکات زۆرجار ئەم ژانەرەی تێدا بەرهەم هاتومو وێنەیەکی واقعی لە ژیانی ئەوکاتە پیشانداوە، کە ململانێی هێزی شەڕو خێرو پاڵەوانی و قارەمانیەتی نیشانداوە، لە پێناو پەروەردەکردن و ڕاهێنان وهاندان و ئاشناکردنی نەوەی داهاتوو، لەبەرگی وێنەی جوان و هەندێکجار وێنەی ناواقعی و خەیاڵی و چواندنی بەشتە بەرهەستەکانی دەوربەرو پەنجەی خستۆتە سەر کەموکورِی کێماسیەکانی کۆمەڵگا و پەردەی لەسەر چەندین دیاردەی ناشیرینی ناوکۆمەڵگا هەڵداوەتەوە،هەروەها ئەفسانە وەک چیرۆک و داستان وایە هەڵگری پەیامێکی تایبەتی سادەیە. ئەفسانە داستانی گەلێکە بە بێ بیرکردنەوەیەکی قوڵ سەرهەڵدەداتتیایدا هێزێکی سروشتی فۆڕمی کەسێک یا بەرەیەک وەردەگرێت ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو هێزە سروشتییە مانایەکی تایبەت بەو گەلە دەبەخشێت، هەندێکجاریش تەنیا چیرۆکێکی خوڕافییە، کە مرۆڤی سەرەتایی لە چاخە کۆنەکاندا هۆنیوەتییەوە بە پێی ئەندێشەو خەیاڵی ویستوویەتی لێکدانەوە بۆ بونەوەر و خواوەند و دێو و درنج بکات"قەزاز، ئازاد ڕەوف، ٢٠١٠ : ١٤٠".

سەڕای ئەمانە ئەفسانە بەشێوەیەکی گشتی پارێزگاری بەشێک لە هێڵەسورەکانی ئاین و کۆمەڵگاو داب ونەریت کردوە و سنورەکانی پاراستون، کۆمەڵە ئەفسانەیەک لە پەیوەندی ئەڤینی و قارەمانێتی و بەرگری، خیانەت و ترس و تۆڵەکردنەوە و دەسەڵات و جینایەتی.... بۆ تۆمارکردوین، کە ئەدەبیاتی جیهانی ڕەنگی داوەتەوە، هاوکات ئەدەبی کوردیش پڕیەتی لەم جۆرە ئەفسانانە. کە بە زۆری بە زمانێکی ئەدەبی سادە تۆمارکراون، بەڵام لە هەندێک دەقدا زمانێکی زۆر بەرزی ئەدەبی بەکارهاتوە و لادان و هێماو ڕەمزو گرێی زۆری تێدا بەکارهاتوە، بۆ تێگەیشتن لەم بابەتانە دەبێت زۆر بەوردی دیقەتی دەقەکان بدرێت، لە بەکارهێنانی وشەو زاراوەکان شارەزاو لێهاتووبوون و بابەتەکانی ڕەوانبێژی زۆر بەکارامەیی بەکارهاتون. کەواتە لە ڕێگەی زمانی نوسینەوە توانیویان هەست و مەبەستەکانیان بگەیەنن. کەواتە (ئەفسانە جۆرە ئەدەبێکە بەستەڵەک بەلاوە دەنێ و بەرەو پێشکەوتن و گۆڕان هەنگاو دەهاوێژێ، دەوڵەمەندی جیهانی ئەفسانە بۆتە هۆی مانەوەی وەک سەرچاوەیەکی ڕەنگین." " مەعروف، کەمال، ٢٠٠٧: ٩٩" ئەفسانە ڕۆڵی پەروەردە دەگرێتە ئەستۆ، گەنج ولاو ومنداڵان لێوەی فیری جوامێری و پیاوەتی وشەهامەت دەبن، چونکە خودی ئەفسانە لەڕێگەی تاقیکردنەوەو بیرکردنەوە داهێنراون، بەرەنگدانەوەی خەون و خۆزگە و ئاواتی گەلیش دادەنرێن و دەبێتە دەروازەی پیشاندانی ململانێی نێوان ژیان و مردن و نەزانین و زانین و هەنگاونانە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دیاردەکانی گەردوندا." ئەڵوەنی، د. نەجم، ٢٠٠٧: ٩-١٠".

**دووەم: تایبەتمەندی و پێکهاتەی ئەفسانە**

ئەفسانە وەک هەر ژانەرێکیتر کۆمەڵێک لق و پۆپی زۆری لێبۆتەوەو تێکەڵی زۆر بابەتیتر بووە، ڕەخنەگرەکانیش لە دیدگای خۆیانەوە لە بارەی پێکهاتەو تایبەتمەندی ئەفسانە دواون، دەگونجێت هەر یەکەیان لە پەیوەندی "ئەفسانە و ئایین، مێژوو، فەلسەفە، زانست،.....هتد" ئەمەش بە کارێکی سەیرو سەمەرە سەیرناکرێت، چونکە ئەفسانە بەرهەمی لە مێژینەیی هەموو مرۆڤایەتییە، لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤ گەشە سەندن و ژیان و ئارەزووەکانی ئەفسانە گەشەی کردوە، هەر بۆیە دەگوترێت(ئەفسانە تەمەنی بە قەد کۆنی تەمەنی مرۆڤە) کەواتە ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤە بە پێی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مرۆڤ گۆڕان بەسەر ئەفسانەشدا هاتووە." حەسەن، مەولود ئیبراهیم، ٢٠٠٧: ٥٩-٦٠".

ئەفسانە پەیوەندییەکی بەهێز و تەواوکاری بە حیکایەت و سەرگوزشتەو چیرۆک و ڕۆمانەوە هەیە، وەک تەواوکەر سەیر دەکرێن، لەبەر ئەوەی لەڕوی ڕووخسارەوە هەموویان دەچنە یەک خانەی هاوبەش یان لێک نزیکەوە، کە تەنیا ناوەڕۆک هێڵی جیاکەرەوەی گشتییە، بۆنموونە ئەو بابەتانەی لە ئەفسانە باس دەکرێن، هەڵگری خەیاڵێکی ناواقیعییە و زیادەڕۆیی زۆر دەبینرێت لە ژمارەو هێزی کەس وتێپەڕبوونی کات و دروستبوونی ڕوداوی ناو ئەفسانەکە، واتە شتێکی هێندە سەرنج ڕاکێش ڕوودەدات، کە لە ژیانی ئاساییدا ڕوونادات، یا زۆر زەحمەتە ڕووبدات. ناوەڕۆکی ئەفسانەش بە پێی تێڕوانین و داب و نەریت و ئایین و شێوەی ژیان بیرو بۆچوونی خەڵک دەگۆڕێت، بەگشتی ناوەڕۆکی(فەلسەفی و ئایینی و قارەمانێتی و ترس و پیاوەتی و هاوکاری و هاندان و پاداشت و سزاو........" دەگرێتە خۆ. بڕوانە:" احمد، رزگار عبدالله، ٢٠٢٤: ٥٠ – ٦٠ "بە واتای گشتی ئەفسانە ئاماژەیە بۆ ئەو چیرۆکانە یان گێڕانەوەیانەی کە زۆرجار لایەنێکی خەیاڵی، ڕەمزی یان ئەفسانەیان هەیە و بەزۆری لە ڕێگەی کولتوور و نەوەکانەوە دەگوازرێنەوە. لەوانەیە ئەم گێڕانەوەکان ڕاست نەبن، بەڵام گوزارشت لە بیروباوەڕ، بەها یان خواستەکانی کۆمەڵگە، کولتوور یان سەردەمێکی دیاریکراو دەکەن.

**تایبەتمەندیەکانی ئەفسانە:**

- خەیاڵی: زۆربەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان ڕەگ و ڕیشەی لە خەیاڵدانی مرۆڤدا هەیە و توخمگەلێکی ناڕاستەقینە یان سەروو دەسەڵاتی مرۆڤ لەخۆدەگرن.
- هێما: زۆرجار ئەفسانە ڕەمزییە و مانای قووڵتر دەگەیەنێت لە مانای ڕواڵەتی. واتە ئەو هێمایەی لە ئەفسانەدایە پشت ئەستورە بە مێژووی ژیانی پێش خۆی.

- ڕۆشـــنبیری: بەزۆری ئەفســـانە لە داب و نەریتـــی کولتـــووردا هەیە و وەک بەشـــێک لە ناسـنامەی گەلێـک یـان نەتەوەیەک دەناسـرێتەوە، کە دەکرێت بە پێـی ئەفسـانەکە ئاستی ڕۆشنبیری و شێوەی ژیان دیاریبکرێت.

- پەروەردەیی: زۆرێک لە چیرۆکە ئەفسانەییەکان پەیامی پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی یان فەلسـەفییان هەیە. ئەمـانە لە ژانەری حیکـایەت و چیـرۆک دا بە شـێوەیەکی ڕێژەیـی دەبینـرێن، بەڵام ئەوەی جیـاوازی ئەفسـانە و چیـرۆک نیشـاندەدات، ئەفسـانە بەزۆری ئەو چیرۆکـانەن، کە لایەنێکـی خەیـاڵی بەهێزیـان هەیە و بـۆ کـات بەسـەربردن یـان پەروەردە دەگێڕدرێنەوە. ئەفسانە ئەو گێڕانەوەیە کە زیاتر باس لە بیروباوەڕی ئایینی و جیهـانبینی و سـەرچاوەی گەردوون و خوداوەنـدەکان دەکـات. چیرۆکێـک دەتوانێـت واقیعی بێت یـان خەیـاڵی و مەرج نییە پێویستی بە تـوخمە ڕەمـزی و ئەفسـانەییەکان هەبێت.

**سێیەم: زمانی ئەفسانە**

هەموو ژانەرێکی ئەدەبی بۆ گوزارشتی پەیامی پێویستی بە زمانێک هەیە، تـاکو مەبەسـت و ئامـانجی خـۆی بپێکێت، زمـانیش دەبێـتە گـوێزەرەو نیشـاندانی پەیـام، زمـانی ئەفسـانە وەکـو زمـانی ژەنەرەکـانیتر هەڵگری هێمـاو ڕەمـزە، هەر بـۆیە ئەفسـانە پێویسـتی بە شـرۆڤەکردنیکی قـوڵی زمـانی هەیە، چونکە بە زمـان وێنەکـان دەنەخشـێنێت و هێمـاو واتـا فەلسەفییەکان بەرگێکی ئەستورو شاراوەیان بەبەردادەکـات، زمـانی ئەفسـانە بە شـێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕووداوەکـان دەخـاتەڕوو، گرنگـی بە ڕوونـی و نـاڕوونی واتـا نـادات، بەڵکـو پەنـا بـۆ ڕەمز دەبات، تاکو واتای ڕاستەقینەی تێدا بشارێتەوە" عزیز، کارم محمود، ٢٠٠٦، ١٧، ٢٠".

زمـــان و ئەفســـانە لە پێکهێنـــانی کولتوورەکـــان و لێکـــدانەوەکانی جیهانـــدا پەیوەنـدییەکی قووڵیـان هەیە. دەتـوانین لە چەنـد لایەنـێکەوە سـەیری پەیوەنـدی نێوانیـان بکەین:

١. زمان وەک ئامرازێک بۆ گەیاندنی ئەفسانە

زمـان ئەو میـدیایەیە کە بـۆ گەیانـدنی ئەفسـانە بەکاردێت، چ بە شـێوەی زارەکـی بێت یان بە نووسین. ئەفسانە زۆرتر بە شێوەی زارەکی لە کۆمەڵگا کۆنەکاندا پێش هاتنی نووسین دەگوازرێتەوە، ئەمەش وایکردووە زمان ببێتە ئـامرازێکی جەوهەری بۆ لەبەرکردن و گواستنەوە لە نێوان نەوەکاندا.

٢. ئەفسانە سەرچاوەیەکی وشەیی و کولتوورییە

ئەفسانە زۆرێک لە وشەسازی و دەربڕینی زمانەوانی لەخۆدەگرێت، کە ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕ ئاسمانین، دەبنە بەشێک لە زمانی ڕۆژانە، بەشدارە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکە.

٣. هێماسازی لە ئەفسانەدا

ئەفسانە پشت بە زمان و هەڵبژاردە ڕەمزیەکان دەبەستێت بۆ گەیاندنی واتای قووڵ لە دەرەوەی سنووری تێگەیشتنی وشەیی. زۆرجار وشە و دەستەواژەکان لە ئەفسانەکاندا بارگاوی دەکرێن بە چەندین واتایەکی تایبەت، ئەمەش وادەکات ببێتە ئامرازێک بۆ لێکۆڵینەوە لە پرسیارە گەورەکانی بوونگەراییەکان.

٤. زمان وەک ئەفسانەیەک بۆ خۆی

ڕوانگەیەکی فەلسەفی هەیە کە دەڵێت دەکرێ زمان خۆی بە ئەفسانە هەژمار بکرێت، بەو پێیەی وشە و هێماکان نوێنەرایەتی واقیع نین و خودی واقیع نین. بەم مانایە زمان بەڕاستی ئەفسانەییە، بە تایبەت لە کاتی لێکدانەوەی گەردوون بە شێوەیەکی ڕەمزی.

٥. کاریگەری بەرامبەری نێوان زمان و ئەفسانە

ئەفسانەی دروستبوونی خەیاڵەکان سەبارەت بە زمان؛ لە ئێستادا بۆ نموونە ئەفسانە هەیە، کە باس لە سەرچاوەی زمانەکە دەکات . لە لایەکی دیکەوە زمان کاریگەری لەسەر شێوازی داڕشتن و لێکدانەوەی ئەفسانە هەیە، بەو پێیەی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان کاتێک دەگۆڕدرێن بۆ وشەی جیاواز. گرنگی کۆکردنەوەیان لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەفسانە، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە مێژووی کولتووری و مرۆڤایەتی دەرەخسێنێت، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ لێکدانەوەی ئەو چوارچێوە فیکریانەی کە بەشدارن لە پێکهاتنی کۆمەڵگاکان. بڕوانە" کاسیرر، أرنست، ٢٠٠٩: ٥٥- ٦٠"  زمان ئەو ئامرازە گرنگەیە کە دەتوانرێت وەک لایەنی مێژووی و فەلسەفی و ئاینیی.... هتد، لێکدانەوە و شرۆڤەی لەسەر بکرێت، لە ڕێژەی بەکارهێنانی بەشەکانی ئاخاوتن، بە پێی ڕێبازی ئاماری دەرەنجام و ماهییەتی گرنگی بەکارهێنانی زمان  دەردەخات.

## تەوەری دووەم/ ڕۆڵی دانەکانی زمان لە شیکردنەوەی ئامارییدا

**یەکەم: زمان و شێواز** تەواوی پەیوەندییە مرۆییەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەگەیەنرێن،( زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن)، هەمیشە مرۆڤ هەوڵیداوە لە ڕێگەی زمانی نووسینەوە ئاخاوتنەکانی بپارێزێت، بە واتایەکی تر کۆی بەرهەمە فۆلکلۆرییەکانمان، کە دەماودەمو پشتاوپشت ماونەتەوە لە ئێستادا بە هەوڵی مرۆڤ خۆی ئەو بەرهەمانە لە ڕێگەی زمانی نووسینەوە پارێزراون، ئەوەی گرنگە بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان شەقڵو مۆرکو تایبەتمەندیی

سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی سەردەمی خۆیان پێوەدیارە، هەرچەند مێژووی نووسینەوەیان دیاربێت، بەڵام مێژووی سەرهەڵدانیان ئەستمە دیارییبکرێت، بەتایبەتیش بابەتی ئەفسانە، کە هەمیشە ڕووداوەکانی نوقمی خەیاڵن، کارێکی زەحمەتە بتوانرێت، خاوەنەکەی بزانرێت یاخود دەربارەی دیرۆکی سەرهەڵدانیان زانیاری بخرێتە بەردەست، هەردەم لە گێڕانەوەیاندا پابەندوونێکی زمانیی و پاراستنی بنەماکانی زمانیی دەبینرێت، نووسینەوەی ڕووداوەکان بەزمانی ئەوسەردەمەن، کە بەرهەمەکە تێییدا سەریهەڵداوە، شێوازێکی تایبەت لەزماندا دەبینرێت، هەندێکجاریش لادانی زمانی لە ئەفسانەدا وەک هەربابەتێکی تری ئەدەبی دەبینرێت، کە ئەمەش شێوازێکی نووسینەو لە ڕووی ئەدەبییەوە جۆرێک جوانی بە نووسینەکان دەبەخشێتو بە داهێنانێکی نوێ دادەنرێت، بەڵام لە ڕووی زمانەوانییەوە بە لادان لە یاسای گشتی زمان سەیردەکرێتو بەهەڵەی زمانەوانی دادەنرێت، شێواز لە نووسیندا بیروبۆچوونی نووسەرەکە لەسەر بابەتەکان دیاریدەکات، هەر نووسەرەو شێوازێکی تایبەتی خۆی هەیە،شیواز لە ڕووی ئەدەبیی و زمانەوانییەوە پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە، لەڕووی پێکهاتەی زاراوەشەوە لە وشەی لاتینی" stilus''، کە "بەواتای هەڵکۆڵەر دێت، بەو ئامێرە گوتراوە کە بۆ نەخشو نوسین بەکارهاتووە،" 'بیرجیرو،١٩٩٤:٩' دواتر وردەوردە بەکارهێنای گەشەی سەندووە، لە ئێستادا شێواز بۆ نووسینی جیاوازو بەخشینی واتای جوان بەکاردێت، لە ڕووی زمانەوانیشەوە شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان جۆراوجۆرن،" بوونی شێوازی جیاواز لە کۆمەڵگادا پەیوەستە بەتەمەنو ئاستی ڕۆشنبیریی و پێگەی کۆمەڵایەتیو جۆری باسەکە"،" مستەفا سابیر نەزیرە،٢٠١٨: ١٤ ". نووسەرەکان شێواز وەک ئامرازێک لە بەرهەمەکانیاندا بەکاردەهینن، شێوازیش بریتییە لەو یەکە زمانیانەی کە نووسەران لە نووسینەکانیاندا بەشێوەیەکی جیاواز بەکاری دەهینن، دەتوانرێت لە ڕێگەی شێوازەوە نووسەرەکە بناسرێتەوە، هەندیکجار نووسەران لە نووسینەکانیاندا شێوازێکی زبرو ڕەق پەیڕەو دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندییەک بۆ نووسەرەکە، شێوازەکان زادەی بیریی خاوەنەکانیانن، ڕێبازو تیۆرەکانی شیکردنەوەی زمان جۆراوجۆرن هەریەکەو لە ڕوانگەیەکەوە شیکردنەوە بۆ دانەکانی زمان دەکات، کە دەکرێت بە جیاو بە هاوبەشی شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

تەواوی لیڤڵەکانی زمان دەتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت،هەر دەقێکی ئەدەبی بگریت، لە بچووکترین ئاست دەست پێدەکات،کە بەهای فۆنیمەکانیەتی بۆ گەورەترین ئاست، شیکردنەوەی دانەزمانییەکان لە بابەتە ئەدەبییەکاندا کارێکی قورسترە بە بەراورد بە بابەتەکانی تر.

**دووەم: شیکردنەوەی دانەکانی زمان لە ئاستە جیاوازەکاندا**

أ. ئاستی دەنگ: مەبەست شیکردنەوەی بچووکترین دانەی زمانە کە بریتییە لە بەهای فۆنیمەکان، سیما جیاکەرەوەکان یارمەتیمان دەدەن، کە خاسیەتی هەر فۆنیمێک دیاری بکەین و بەمەش جیاوازی لە نێوان فۆنیمێک و فۆنیمێکی تردا دەکەین"کەواتە فۆنیمەکان لەگەڵ دەنگی واقیعیدا ناگونجێن، بەڵکوو فۆنیمەکان لە ڕێگەی دەنگی ئاخاوتنەوە جێبەجی دەبن، ئەم جیاوازییە دەبێتە هێنانەدی دوو جۆر نووسینی دەنگنووسینی کە ئەوانیش بریتین لە دەنگە گۆکراوەکانو نووسینی فۆنیمەکان وێنە زەینییەکان کەواتە ئەو فۆنیمانەی ئاخێوەران دەریاندەبڕن لە ڕووی سازگەو خاسیەتەوە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازن."خزر غەفور عارف،٢٠٢٢: ٥٥، ٥٦"

ب. ئاستی مۆرفۆلۆژیی: یەکێک لە لایەنە هەرە گرنگەکانی زمان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کەرەستە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی شێواز لەم ئاستەدان بە نمونە " کار، ئاوەڵناو، ناو، ژمارە، ئاوەڵکار، ئامرازەکان ...هتد" ئەوانە سەرجەمیان لە پێکهاتەی شێوازدا ڕۆڵی سەرەکیان هەیە، بۆ نمونە ناوەکان لە ڕووی ناسراوییەوە(ناسراو، نەناسراو)، لە ڕووی بوونەوە"ئەبستراکت، کۆنکرێت"، لە ڕووی ژمارەوە"تاک، کۆ"، لە ڕووی پێکهاتنەوە،(سادە، ناسادە) کارەکانیش لە ڕووی هێزەوە "کاری تەواو، کاری ناتەواو" کارەکان لە ڕووی داڕشتنەوە سادەو ناسادە، لە ڕووی کاتەوە ڕابردوو، داهاتوو، داخوازی، .... هتد

ج. ئاستی سینتاکس: یەکێک لەو ئاستانەی کەمترین کەلەبەری هەیە ئاستی سینتاکسە، هەر ناتەواویەک هەبێت دەتوانرێت لە ئاستی سینتاکسدا ئەم ناتەواویان پڕبکرێنەوە هەر لەبەر ئەوەیە ئاستی سینتاکس لە زمانی کوردییدا بە بەراورد بە ئاستەکانی تر بە ئاستێکی بێکێشە دەناسرێت، ئاستێکە دانەکانی زمان تێیدا ڕیزدەبن بە پێی یاسایەکی زمانیی " S.O.V"، دەتوارنێت شیکردنەوە بۆ دانەکانی زمان بکرێت لەم ئاستەدا لەبچووکتری دانە کە بە فرێز ناودەبرێت، دەتوانرێت شیکردنەوەیان بۆ بکرێت.

د. ئاستی سیمانتیک و پراگماتیک: واتا بە گشتی بە کرۆکی هەموو بابەتێک دادەنرێت، ئینجا واتای وشە بێت، یان واتای ڕستە یان واتای دەق...هتد بێ بوونی واتا ناتوانرێت هیچ لێکدانەوەیەک بۆ بابەتەکانی تر بکرێت، واتاکان دەبنە هۆی گۆڕینی ئەرکەکان، ئەوەی ئێستا لە قوتابخانەی کۆگنەتیف زۆر پشتی

پێدەبەستریت شیکردنەوەی ئاستکان بەیەکەوە چونکە هەموو هەر ئاستێک بە تەواوکەری ئاستێکی تر دادەنریت.

### سێیەم: شیکردنەوەی شێواز بەپێی تیۆریی بوزیمان

شیکردنەوەی ڕێبازی ئاماریی، ڕێبازێکە لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز، چەند جۆرێک شیکردنەوەی شێواز هەیە لەمانە:




هێڵکاریی ژمارە (١) هێڵکاریی جۆرەکانی شیکردنەوەی شێواز

هەریەک لەم ڕێبازانە بازنەیەکی گرنگ پێکدەهێنن لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەریەک لەم ڕێبازانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخرێتەسەر تیۆریی بوزیمانە، یەکێکە لەو تیۆریانەی لە شێوازی شیکردنەوەی ئامارییدا پشتی پێدەبەستریت، بۆ جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبیی، سەرەتا هاوکێشەکە بۆ شیکردنەوەی دەقی شیعریی بەکاردەهات، بەڵام لە ئێستادا یەکێکە لەو هاوکێشانەی، کە لە شیکردنەوەی ژانرە ئەدەبییەکاندا بەکاردەهێنریت، سەرەتای تیۆرییەکە لە ئەڵمانیا سەری هەڵداوە، لە ساڵی " ١٩٢٥" بەناوی زانای ئەڵمانی " A.Buseman" یەکەمجار ئەم هاوکێشەیەی لە لێکۆڵینەوەیەکدا خستەڕوو، کە لە سەر دەقێکی زمانی ئەڵمانیدا جێبەجێیکرد، هاوکێشەکە دەربارەی شیکاری بەشەئاخاوتنەکانی زمانە بەتایبەت هەردوو بەشەئاخاوتنی " کارو ئاوەڵناو " ئەوەی بۆ دەرکەوت کار لە مرۆڤی هەڵچوودا زیاترە لە ئاوەڵناوو وەسف، هەروەها ئەوەشی ڕوونکردەوە، کە ڕێژەی کار بەرانبەر وەسف لە زمانی ئاخاوتندا زیاترە وەک لە زمانی نووسین، بەڵام دواتر زانا " V.Neubawar" ڕوونکردنەوەی زیاتری بۆ هاوکێشەکە کردو بۆی دەرکەوت ناڕوونی و تەمژییەک لە بەکارهێنانی زاراوەکانی " کارو وەسف" دا هەیە، بۆیە ڕوودانی کاری گۆڕی بەرانبەر بە ژمارەی کار، هەروەها وەسفی گۆڕی بۆ ئاوەڵناو، بە بۆچوونی بووزیمان

جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە جۆرەکانی تری دەق، بە پێی ڕێژەی ڕووداو "کە مەبەست لێی کرداره" بۆ وەسف " کە مەبەست لێی ئاوەڵناوه" ئەم دوو یەکەیە بەراورد دەکرێن، واتە پێوانەکردنی ڕێژەی کردار بۆ ڕێژەی ئاوەڵناو لە ناو دەقەکەدا، بە پێی تیۆریەکە، تا ژمارەی دەربڕینی کردارەکان لە وەسفکردن زیاتر بێت ، زمانی دەقەکە سۆزو هەستو هەڵچوونی زۆرترە، ئەمەس ئەوە دەگەیەنێت ڕادەی ئەدەبیبوونی دەقەکە زیاترە، ئەگەر بمانەوێت ڕادەیی ئەدەبیی بوونی دەقێک بسەلمێنین پێویستمان بەوە هەیە شیکردنەوە بۆ دانە زمانییەکانی ئەو دەقە بکەین ئەویش بە بەراوردکردنی ژمارەی کردارو ژمارەی ئاوەڵناوەکانی ناو دەقەکەئەم ئەم ڕێژەیەش بە پێی ژانرەکان دەگۆڕێن "سعد مصلوح، ١٩٩٢،٨٠ "، هاوکێشەی بوزیمان هەڵدەستێت بە پیشاندانی سیفەتی دەقەکان، لە ڕێگەی ئەو وشانەی، کە لە ڕووداو، ئەو وشانەی لە وەسف دەدوێنن، لەزمانی ئینگلیزیدا هاوکێشەکە بەمشێوەیەیە " Verb Adjective Ratio " واتە ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو کورتکراوەکەشی " VRA "

**هاوکێشەی بوزیمان بەمشێوەیەیە:**

**ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= ژمارەی کردار V÷ ژمارەی ئاوەڵناوA** "سعد مصلوح،١٩٩٢ : ٨٠ ". دوو جۆر کاریگەریی لەسەر ڕێژەی ئەدەبیی بوونی دەقەکان هەیە "فۆرمییەکان لەگەڵ ناوەرۆکییەکان" ، تا ڕێژەی کردار زیاتر بێت، ڕادەیی ئەدەبیی بوونی دەقەکە زیاترە.

١. تا شیعرێتی لە زمانی دەقدا زیاتر بێت، ڕێژەی " VRA " بەرزتر دەبێت، ئەگەر بەراورێکی دەقە شیعریەکان بکرێت، دەبینرێت ڕێژەی " VRA " لە دەقی شیعری گۆرانی "لیریک/غینائی" زیاترە، وەک لە جۆرەکانی تری شیعری شانۆییو داستانی ئەوانی تر.

٢. تەمەنی نووسەرو شاعیر، ئەگەر دووبەرهەمی یەک نووسەر وەرگرین لە دووکاتی جیاوازدا ئەوا ئەو بەرهەمانەی کە لە تەمەنی گەنجییدا دەنووسرێن ڕێژەی کردار تێییاندا بەرزترە بەرانبەر ئاوەڵناو، واتە ڕێژەی " VRA " لە تەمەنی گەنجییدا بەرزترە.

٣. ڕەگەز، لە ڕووی ڕەگەزەوە ڕێژەی " VRA " لە ڕەگەزی مێدا زیاترە وەک لە ڕەگەزی نێر.

٤. ڕێژەی " VRA " لە نووسینی دەقی ئەدەبییدا زیاترە وەک لە دەقی زانستیی.

٥. ڕێژەی" VRA " لە شیعردا زیاترە وەک لە پەخشاندا.

٦. ڕێژەی "VRA " لە زمانی ئاخاوتن/ قسەکردندا، زیاترە وەک لە زمانی نووسییندا.

٧. ڕێژەی " VRA "لە زارو شێوەزارو لەهجاتەکاندا زیاترە وەک لە زمانی ستاندارد.

٨. لە گوتاریی ئەدەبییدا ڕێژە" VRA " زیاترە وەک لە گوتاریی ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا، لە دەقێکدا ئەگەر ڕێژەی کردارو ئاوەڵناو یەکسان بوو ئەوا ئەو دەقە، دەقێکی ئەدەبیی زانستییە، ئەگەر ڕێژەی ئاوەڵناوی زیاتر بوو ئەوا دەقێکی وەسفییە. "سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٨٠-٨٤"

**چوارەم: گرنگی شیکردنەوەی شێوازی زمان لە ژانرەئەدەبییەکاندا**

دەتوانرێت بایەخو گرنگی شیکردنەوەی زمانیی لە ژانرە ئەدەبییەکاندا بخرێتە بەر دید.

١. شیکردنەوەی شێوازی زمانیی فاکتەرێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان زمانو ئەدەب، ئەم دووئاستە بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێنو تاڕادەیەک تێکچرژاون چوونەتە ناویەک.

٢. لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانیی کەسایەتی نووسەر کە لە بەرهەمەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە، دەردەکەوێت، ئایا نووسەرێکی زمان زبرە، ئایا نووسەر مەیلی بەلای تابوو هەجوودا هەیە یان بە پێچەوانەی ئەمانە، نووسەر نەرمو نیانەو نووسینەکانی سەرنج ڕاکێشنو دەتوانێت، خوێنەر بۆلای خۆی کێش بکات.

٣. لێکۆڵەران لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دەریانخستووە، هەندێک لەو بەرهەمانەی کە ڕەگەزو تەمەنی خاوەنەکانیان نادیارە دەتوانرێت لەڕێگەی شیکردنەوەی دانە زمانییەکان درک بە ڕەگەزو تەمەنیان بکرێت، هەر وەک ئەوەی لە شێوازی بووزیماندا دەبینرێت.

٤. لە ڕێگەی شیکردنەوەی زمانی ئاستی نووسینی نووسەران دەزانرێت، ئایا نووسەر ئاگاداریی تیۆرە تازەکانی زمان هەیە؟ نووسەر لەگەڵ گۆڕانە زمانییەکان خۆی گونجاندووە؟ نووسەر دەتوانێت شێوازی قبوڵکراولە زاراوەو وشەی تازە بخاتە نێو بەرهەمەکانی، یان نووسەرێکی چەقبەستووە باوەڕی بە هیچ کام لەم گۆڕانانە نییە، کە دێنە نێو زمانەوە.

٥. لە شیکردنەوەی زمانیی ژانرە ئەدەبییەکاندا دەتوانرێت شێوازی زاری ناوچەییو جوگرافی لە زمانی ستاندارد جیابکرێتەوە، هەندێکجار لە بەرهەمەئە دەبییەکاندا ناوچەگەرێتی بەرووونی ڕەنگدەداتەوە، نووسەر هەرچی دابونەریت و کولتوورە دەیخاتە نێو نووسینەکانی بەمەشە مۆرکێکی ناوچەگەرێتی لە بەرهەمەکانی دەدات.


**پێنجەم پۆلێنی ڕێژەی ئاوەڵناوەکان لەناو دەقە ئەفسانەییەکەدا**

یەکێک لەو بەشەئاخاوتنە گرنگانەی کە لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا پشتی پێدەبەسترێت، بە گشتی لە ڕێبازیی ئاماریی‌و بە تایبەت لە شێوازی بوزیماندا، بریتییە لە ڕێژەو ژمارەی بەشەئاخاوتنی کردارو ئاوەڵناوەکان، پۆلێنکردنی ئاوەڵناوەکان لە چەند ڕوویەکەوە دەکرێت:

١. ئاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە
٢. ئاوەڵناو لە ڕووی جۆرەوە
٣. ئاوەڵناو لە ڕووی پلەوە

١. ئاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە

یەکێک لەم پۆلێنانە لە ڕووی پێکهاتنەوەیە، گرنگە پێکهاتەی ئاوەڵناوەکان بزانرێت، تا چەند ئاوەڵناوەکان لە ڕووی پێکهاتنەوە لە دەقەکەدا بەکارهاتوون، ئایا نووسەر تەنها ئاوەڵناوە سادەکانی بەکارهێناوە، یان هەوڵی داوە جوانیی‌و پتەویی پێزێکی زۆر بە دەقەکە ببەخشێت ئەمەش لە ڕووی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی زمانی نووسین کە دەتوانێت، بە شێوەیەکی لێزانانە گرنگی بە ڕازاندنەوەی وشەکان بداتو ئاوەڵناوی جیاواز لە ڕووی پێکهاتنەوە بەکاربێنێت، لێرەدا فراوانی بیریی نووسەر دەردەکەوێت، کە دەتوانێت ئاوەڵناوێک بەچەندین شێوازی جیا بەکاربهێنێت، یاخود بە پێچەوانەشەوە ناتوانێت، لە قاڵبێکی دیاریکراو دەرچێت، نووسەر لە نێو ئەم دەقە ئەفسانەییەدا لە کۆی " ٣٢٠٣ " وشە " ٣٨١" ئاوەڵناوەی بەکارهیناوە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی " ١١,٨٩٪ " لە سەدا یانزەو پۆینت هەشتاو نۆی وشەکان ئاوەڵناون، ئاوەڵناوەکان وەسفدەکەن لەبەرئەوە لە نێو دەقەکاندا زیاتر بۆ ڕوونکردنەوە بەکاردێن، پۆلێنکردنیی ئاوەڵناو لەرووی پێکهاتنەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە " ئاوەڵناوی سادەو ئاوەڵناوی ناسادە" وەک لەم هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە.





هێڵکاریی ژمارە (٢) ئاوەڵناو لە ڕووی پێکهاتنەوە

| ژمارەی وشە | ژ.ئاوەڵناو | | ئاوەڵناوی سادە | | ئاوەڵناوی داڕێژراو | | ئاوەڵناوی لێکدراو | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٣٨١ | ٪ ١١,٨٩ | ٢٦٠ | ٪٦٨,٢٤ | ٨٦ | ٪٢٢,٥٧ | ٣٥ | ٪٩,١٩ |

خشتەی ژمارە (١) کۆی پێکهاتنی ئاوەڵناو لە ئەفسانەکەدا

لە کۆی '٣٨١' ئاوەڵناو '٢٦٠' ئاوەڵناویان سادەن ، کە دەکاتە لە ' ٪٦٨,٢٤' ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە بە بەراورد بە ڕێژەی ئاوەڵناوی داڕێژراوو، ئاوەڵناوی لێکدراو، لە کاتێکدا ئاوەڵناوە داڕێژراوەکان لە کۆی '٣٨١' ئاوەڵناو، تەنها '٨٦' ئاوەڵناویان داڕێژراون، ئەمەش دەکاتە لە ' ٪٢٢,٥٧' ، هەرچی ئاوەڵناوە لێکدراوەکانن، لە ڕیزبەندیدا پلەی سێیەمیان گرتووە، لە کۆی '٣٨١' ئاوەڵناو، تەنها '٣٥' ئاوەڵناویان لێکدراون. ئەمەش دەکاتە ڕێژەی '٪٩,١٩' ، سەرجەم ئاوەڵناوەکان، بۆ وەسفکردنی ناوێک هاتوون، بەمەبەستی دەرخستن و دیارییکردنیان.





چارتی ژمارە (١) کۆی پێکهاتنی ئاوەڵناو لە ئەفسانەکەدا

٢.ئاوەڵناو لە ڕووی جۆرەوە

پۆلێنەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی جۆرەوە بە پێی سروستی زمانەکان جیاوازن، لە زمانی کوردییدا زمانەوانان چەند جۆرێکیان دیاریی کردووە ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی پرس، ئاوەڵناوی نادیار. ئاوەڵناوی ژمارە، ئاوەڵناوی نیشانە... هتد

لە ژێر ڕۆشنایی ئەو پۆلێنەی کە زمانەوانانی کورد بۆ جۆرەکانی ئاوەڵناویان کردووە، ئێمەش چوارجۆر ئاوەڵناومان لەم دەقە ئەفسانەییەدا دیاریکردووە، ئەم چوار جۆرەی

ئاوەڵناوەیش، کە بە کارهاتوون، ئەمانەن" ئاوەڵناوی چۆنیەتی، ئاوەڵناوی نادیار، ئاوەڵناوی نیشانە، ئاوەڵناوی ژمارەیی"





هێڵکاری ژمارە (٣)جۆری ئاوەڵناوەکان

بەکارهێنانی جۆری ئاوەڵناوەکان لە ناو دەقەکەدا هەمووی وەک یەک بەکار نەهاتووە، ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێکیان لە هەندێکیان زیاترە ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناوی چۆنیەتی لەنێو دەقە ئەفسانەییەکە بە بەراورد لە گەڵ جۆرەکانی تری ئاوەڵناو لە هەموویان زیاترە، لە کۆی '٣٨١' سێ سەتو هەشتاو یەک ئاوەڵناو، '١٧٤' سەتو حەفتاو چوار ئاوەڵناوی لە جۆری چۆنیەتین، کە دەکاتە لە '٤٥,٦٦٪' لەسەدا چلو پێنجو پۆینت شەستوشەش هەموو ئاوەڵناوەکان، ئەمەش گرنگیو بایەخی ئاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخات بەرانبەر جۆرەکانی تری ئاوەڵناو، لە دوای ئاوەڵناوی چۆنیەتی ئاوەڵناوی نادیار لە پلەی دووەمدایە لە ڕووی ڕێژەی بەکارهێنانەوە لە نێو دەقەئەفسانەییەکەدا لە کۆی '٣٨١' س سەتو هەشتاو یەک ئاوەڵناو '١٢٥' سەتو بیستو پێنج ئاوەڵناوی لە جۆری نادیارە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە '٣٢,٨١٪' لە سەدا سیو دوو پۆینت هەشتاو یەک ئاوەڵناوەکان، بەکارهێنانی ئەم ڕێژە زۆرەی نادیاری لە بەشە ئاخاوتنی ئاوەڵناودا بێگومان هۆکاری خۆی هەیە، لە ریزبەندی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکاندا ئاوەڵناوی نیشانە لە پلەی سێیەمدایە، لە کۆی '٣٨١' سێ سەتو هەشتاو یەک ئاوەڵناو، '٥٠' پەنجا ئاوەڵناوی لە جۆری ئاوەڵناوی نیشانەیە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە سەدا ' ١٣,١٤٪' لەسەدا سیزدەو پۆینت چواردە ئاوەڵناوەکان، پێچەوانەی ئاوەڵناوی نادیار لە ئاوەڵناوی نیشانەدا ئەو شتەی مەبەستە بە ئاوەڵناوێکی نزیک یان دوور دەستنیشان دەکرێت، لە کاتێکدا لە ئاوەڵناوی نادیاردا هەر شتێک کە مە بەستە، بە نادیاری باسدەکرێتو دەشاردرێتەوە، زانیاری تەواو لە بابەتە نادیارەکان بەدەست نایەت، لێرەدا تەمومژیەک دروست دەبێت، کە لە وانەیە نووسەر بە مەبەست ئەم نادیارییە دروست بکات، لە ناو دەقە ئەفسانەییەکەدا ڕێژەی بەکارهێنانی

ئاوەڵناوی نادیاری دووهێندە پترە لە ئاوەڵناوی نیشانە، کۆتا جۆری ئاوەڵناویش، کە لە ڕیزبەندی بەکارهێنانی ئاوەڵناوەکاندا هەیە ژمارەیە لە کۆی '٣٨١' سێ سەتو هەشتاو یەک ئاوەڵناو '٣٢' سیو دوو ئاوەڵناو لە جۆری ژمارەن. کە دەکاتە '٨,٣٩٪' لە سەدا هەشتو پۆینت سیو نۆ، لە ئاوەڵناوی ژمارەیی دا سیفەتی نەگۆڕیی هەیە، ژمارە وەک بەشێکی چەسپاو سەیر دەکرێتو لە هەر دەقێکدا بەرچاوبکەوێت نەگۆڕەو ڕێگە بە هیچ ئەگەرێکو وەڵامێکی کراوە نادات بێتە ناوە، چونکە لە ژمارەدا سیفەتی چەسپاویی هەیە.

| وشەکان ژمارەی | ئاوەڵناو ژ. | | چۆنیەتی ئاوەڵناوی | | ئاوەڵناوی نادیار | | ئاوەڵناوی نیشانە | | ئاوەڵناوی ژمارە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٣٨١ | ٪٨٩.١١ | ١٧٤ | ٪٤٥,٦٦ | ١٢٥ | ٪٣٢,٨١ | ٥٠ | ٪ ١٣,١٤ | ٣٢ | ٪٨,٣٩ |

خشتەی ژمارە (٢)جۆرەکانی ئاوەڵناو




چارتی ژمارە (٢)جۆرەکانی ئاوەڵناو


لە ناو دەقە ئەفسانەییەکەدا ڕێژەی بەکارهێنانی پلەکانی ئاوەڵناو جیاوازە پلەی چەسپاو ڕێژەکەی لە هەر دوو پلەکەی تر زیاترە، بە جۆرێک لە کۆی '٣٨١' سێ سەتو هەشتاو یەک ئاوەڵناو '١٨٠' هەشتا ئاوەڵناو لە پلەی چەسپاودان، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی '٩٩,٤٥٪' لە سەدا نەوەتو نۆو پۆینت چلو پێنج لە هەموو پلەکانی تر زیاترە،لە پلەی بەراوردا تەنها '١' یەک ئاوەڵناوی پلەی بەراورد بینراوە، کە دەکاتە ڕێژەی '٠,٥٥٪' لەسەدا سفروپۆینت پەنجاوپێنج لە ناو دەقەکەدا ئاوەڵناوی پلەی باڵاش بەکارنەهاتووە.




هێلکاری ژمارە (٤) پلەکانی ئاوەڵناو

| ژمارەی وشەکان | ژ.ئاوەڵناو | | ئاوەڵناوی پلەی چەسپاو | | ئاوەڵناوی پلەی بەراورد | | باڵا ئاوەڵناوی پلەی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٣٨١ | ٪١١,٨٩ | ٣٨٠ | ٪ ٩٩,٤٥ | ١ | ٪ ٠,٥٥ | ٠ |

خشتەی ژمارە(٣) پلەکانی ئاوەڵناو




چاری ژمارە(٣) پلەکانی ئاوەڵناو

**شەشەم: پۆلێنی ڕێژەی کردارەکان لەناو دەقە ئەفسانەییەکەدا**

کردار یەکێکە لە بەشەئاخاوتنە هەرە گرنگەکان، چونکە کاتو ڕووداوو کەسی تێدایە، کردار حوکم بەسەر کەرەستەکانی تری ڕستەدا دەکات، کە لە چێوەی ڕستەدا چ ئەرکێک ببینن، لەدوای پۆلێنکردنی کردارەکان دەرئەنجامی ڕێژەی 'VAR' دەردەکەوێت، کردار لە چەند ڕوویەکەوە پۆلێنکراوە،کە ئەمانەن.

١. له ڕووی كـاتەوە ڕابـردوو " نزیـك، بەردەوام، تەواو، دوور" كـرداری ڕانەبـردوو " ئێسـتاو ئایینده"


٢. له ڕووی پێكهاتنەوە " ساده، ناساده، ناسادەش دارێژراو لێكدراو"

٣. له ڕووی شێوازەوە " ڕاگەیاندن، دانانی، داخوازی"

٤. له ڕووی هێزەوە" تێپەڕو تێنەپەڕ"

٥. له ڕووی واتاوە " تەواو و ناتەواو"

هەر یەكە لەو پۆلێنـانەی، كە بـۆ كـردار كـراون گرنـگو جێـی بـایەخن، لەم توێژینەوەیەدا هەولدەدەین له ڕووی كاتو لەڕووی هێزەوە كردارەكان پۆلێن بكەین.





هێڵكاری ژمارە (٥) كاتەكانی كردار

### ١- كـردار لەڕووی كاتەوە:

أ. كرداری ڕابـردوو: جۆری دەقەكـان جیـاوازن لە پیشـاندانی كـاریگەریی كـردارەكان، له دەقێكـی گوتـاری سیاسـییدا، كـردارە ڕابردووەكـان گـرنگنو بە كـرداری سـەرەكی دادەنرێن، چونكه بـۆ ئاڕاسـتەكردنە لە ڕابـردووە و بـۆ داهـاتوو و ئاییـندە، هەندێكجاریش بە مەبەست كردارە ڕابردووەكـان بەكاردێن بـۆ جوڵانـدنی هەسـتو سـۆزی بەرانبەرەكانیـان، یـان بـۆ گێـڕانەوەی بـابەتێكی مێـژووی بـۆ سـوود بینـین لە هەڵەكـانی ڕابـردوو، بە ئامـانجی ئەوەی دووبـارە نەكـرێنەوە، یـان بە ئامـانجی بە كارهێنـاننی لایەنە باشـەكانی ڕابـردوو لە ئێسـتادا وەك ئامـاژەی پێكـرا بە پێـی جۆری دەقەكان دەگۆڕێت، له دەقێكـی ئەفسانەیی بە كارهێنانی كـرداری ڕابـردوو

زیاتر بۆ مەبەستی گێڕانەوەیەی بابەتێکی مێژووییە، بۆ لکاندنی ئەدەبێکی کۆنی سەرەتای ژیانی مرۆڤایەتی بە ئەدەبێکی نوێی سەردەمی ئێستا، لە ناو دەقە ئەفسانەییەکان خەیاڵێکی بێسنوور دەبینرێت، کە لەسەرووی عەقڵیەتی مرۆڤە، بەکارهێنانی کرداری ڕابردوو لە دەقە ئەفسانەییەکان هێنانەکایەی بیرۆکەو ئایدیای نوێو پەیوەستکردنیەتی بە داهاتووە، هەروەها لەلایەکی تریشەوە بۆ بەراوردکردنی کاتی ڕابردوو بە کاتی ئێستا، لەگەڵ ئەمانەشدا هەر دەقێک کرداری ڕابردووی زۆر بوو زیاتر بە دەقێکی گێڕانەوەیی دادەنرێت، لەبەر ئەوەی زانیاریی نوێی تێدا نییە، کۆی زانیارییەکان زانراون، ئاراستەکە بەمشێوەیە دەبێت، کاری ڕابردوو، بیرهینانەوە، پرۆسەی وروژاندن.





هێڵکاری ژمارە (٦) ئاراستەی کاری ڕابردوو

لە دەقە ئەفسانەییەکەدا ڕێژەی کارە ڕابردووەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە لە دەمەکانی تری کار زیاترە، لە کۆی " ٣٢٠٣" سێ هەزارو دوو سەتو سێ وشە. " ٦٨٥" شەس سەتو هەشتاو پێنج کردار هەیە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی "٢١,٣٩٪" لە سەدا بیستو یەک و پۆینت سیءو نۆی وشەکان کردارن، لەم ڕێژەیەش " ٥٢٥" پێنج سەتو بیستو پێنج کردار ڕابردوون، ئەمەش دەکاتەڕێژەی "٨٤٪" لە سەدا هەشتاو چواری کردارەکان لە کاتی ڕابردوودان، جۆرەکانی کرداری ڕابردووش بەشێوەیەک بەسەر هەر چوار جۆرەکەی ڕابردوودا دابەشبوونە، لە دەقی ئەفسانەکەدا لە کۆی "٥٢٥" پێنج سەدو بیستو پێنج کرداری ڕابردوو، "٣٩٧" سێ سەتو نەوەتو حەوت کردار لە جۆری ڕابردووی نزیکن، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە سەدا "٧٥,٦١٪" لەسەدا حەفتاوپێنجو پۆینت یەک، هەرچی کردارە تەواوەکانە، لە کۆی "٥٢٥" کردار تەنها "٢٤" کردار لە جۆری تەواون ئەمەش ڕێژەکەی دەکاتە "٤,٥٧٪" هەرچی ڕابردووی بەردەوامە لە کۆی "٥٢٥" کردار "٧٣" کرداری لە جۆری بەردەوامە ئەمەش دەکاتە ڕێژەی "١٣,٩١٪" کۆتا جۆری کرداریش کرداری ڕابردووی دوورە، ئەمیش لە کۆی "٥٢٥" کردار "٣١" کرداری لە جۆری دوورە، ڕێژەکەی دەکاتە "٥,٩٠٪" لە ئەنجامدا ئەوە دەبینرێت، کە نووسەر لەبەکارهێنانی جۆرەکانی کرداری ڕابردوودا، ڕابردووی نزیکی لە هەمووجۆرەکانیتر زیاتر بەکارهێناوە

| ژمارەی وشە | ژمارەی کردار | | ڕابردوو کرداری | | جۆرەکانی کرداری ڕابردوو | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | نزیک | | تەواو | | بەردەوام | | دوور | |
| ٣٢٠٣ | ٦٨٥ | ٪٢١,٣٩ | ٥٢٥ | ٪٨٤ | ٣٩٧ | ٪٧٥,٦١ | ٢٤ | ٪٤,٥٧ | ٧٣ | ٪١٣,٩١ | ٣١ | ٪٥,٩١ |

خشتەی ژمارە (٤) جۆرەکانی کرداری ڕابردوو





چارتی ژمارە (٤) جۆرەکانی کرداری ڕابردوو

أ. کرداری ڕانەبردوو: ئەگەر لە دەقێکدا ڕێژەی کارە ڕانەبردووەکان زیاتر بوو، ئەوا دەقێکی بەرهەمهێنەو "ئیستینتاجییە" هیوایەک پیشان دەداتو لە داهاتوودا ئاراستەیەکی بەرهەمهێنانی هەیە، لەدەقە ئەفسانەییەکەدا لە کۆی '٦٨٥' کردار تەنها '٩٠' کردار لە دەمی ڕانەبردوودان، ئەمەش دەکاتە لەسەدا'١٣,٣٨٪' ئەنجامی هەر دوو جۆری کردارەکان ڕابردوو، ڕانەبردوو پێمان دەڵێت، دەقەکە دەقێکی مێژووییە، بەبەڵگەی ئەوەی لە سەدا '٨٤٪' هەشتاوچواری کردارەکان لە دەمی ڕابردوودان،پێمان دەڵێت دەقەکە دەقێکی کۆنە جۆرێک گێڕانەوەی مێژوو تێدایە.


| ژمارەی وشە | ژمارەی کردار | | کرداری ڕانەبردوو | | کرداری ڕابردوو | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٦٨٥ | ٪٢١,٣٩ | ٩٠ | ٪ ٣٨.١٣ | ٥٢٥ | ٪٨٤ |

خشتەی ژمارە (٥) کردار لە ڕووی کاتەوە




چارتی ژمارە (٥) کردار لە ڕووی کاتەوە

٢- کردار لە ڕووی هێزەوە: پۆلێنکردنی کردارەکان لە ڕووی هێزەوە، بایەخی خۆی هەیە، ئەرکی کەرەستەکانی ڕستە لەسەر هێزی کردارەکان وەستاوە، ئەو ڕستانەی کردارەکانیان تێپەڕە جگە لە بکەرو کردار هەمیشە، پیویستیان بە فرێزێکی تر هەیە بۆ ئەوەی واتای ڕستەکە تەواوبکەن، ئەمیش پێی دەگوترێت بەرکاری ڕستە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هێزی کردار حوکم دەکات لە دیارکردنو هاتنی فرێزەکانی ڕستە.





هێڵکاری ژمارە (٧)کردرا لە ڕووی هێزەوە

لە چێوەی ئەم دەقە ئەفسانەییەدا لە کۆی '٦٨٥' کردا، '٣٨١' کردار لە جۆری کرداری تێپەڕن، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی لە '٥٥،٦٢٪' کردارەکان، هەرچی کردارە تێنەپەڕەکانن هاتنیان لە ڕستە لەگەڵ بکەرەکانیان واتای ڕستەکان تەواو دەکەن، جگە لەوەی بێ ئەندازە توانای وەرگرتنی سەرباریان هەیە، بەڵام ناتوانن بەرکار وەربگرن، ئەگەر هیچ فرێزێکی تریش لە ڕستەدا نەبێت تەنها لەگەڵ بکەرەکان واتای ڕستە تەواو دەکەن، لەنێو ئەم دەقە ئەفسانەییەدا لە کۆی '٦٨٥' کردار '٣٠٤' کردار لە جۆری کرداری تێنەپەڕن، ئەمەش دەکاتە لە سەدا'٤٤،٣٨٪' کردارەکان، هەر دوو جۆری کردار کاریگەریی خۆیان لە ڕستەدا هەیە، لە نێو دەقە ئەفسانەییەکەدا جیاوازی ڕێژەی بەکارهێنانیان بریتییە لە سەدا '١١،٢٤٪' کردارەکان، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت.


| ژمارەی وشە | ژمارەی کردار | | کرداری تێپەڕ | | کرداری تێنەپەڕ | | جیاوازی تێپەڕ بۆتێنەپەڕ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٦٨٥ | ٪٢١,٣٩ | ٣٨١ | ٪٥٥,٦٢ | ٣٠٤ | ٪ ٤٤,٣٨ | ٧٧ | ٪١١,٢٤ |

خشتەی ژمارە (٦) کردار لە رووی هێزەوە




چارتی ژمارە (٦) کردار لە رووی هێزەوە

**٣- کردار لەرووی بکەردیارییەوە:** کردار لە رووی بکەردیارییەوە دەکرێت بە دوو بەشەوە 'کرداری نادیارو کرداری دیار' بوونی نادیاریی لە نێو دەقەکانداو پەنابردنە بەر نادیاریی لە زمانی نوسینو ئاخاوتن لەوانەیە بەمەبەستو بێمەبەست بێت، ئەم دیاردەیەش کە بەپێی دەقەکانو هەروەها بە پێی کەسو کاتو شوێنو رووداوەکان دەگۆڕێت، لە هەر دەقێکدا جیاوازیی هەیە لە پەنابردنە نادیارییدا، بۆ نمونە نادیارییەکانی قورئانی پیرۆز جیاوازن لە نادیارییەکانی نێو چیرۆک و رۆمان و هۆنراوەو، ئەفسانەو ...هتد.




هێڵکاری ژمارە (٨) کرداری دیارو نادیار

بەشێوەیەکی گشتی باس نەکردنی بکەر شاردنەوەی و پیشاندانی بە نادیاریی بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە:

١. ترس: هۆکارێکە بۆ شاردنەوەی بکەری کارەکان، کە زۆر جار باسکردنی بکەرەکە دەبێتە مەترسی لەسەر خودیی بکەرو دەوروبەری بکەرەکەی، واتە مەترسییەکە دووجۆرە:

أ. مەترسی بۆسەر بکەری کارەکە.

ب. مەترسی بۆ سەر قسەکەر " ئاخێوەر ئەو کەسەی باسی لە بکەری ڕستەکە کردووە":

بۆ نمونە کاتێک دەگوترێت: ئازاد گوتی، نەوزاد خانووەکەی ڕووخاند. لێرەدا مەترسیی لەسەر " ئازاد" هەیە، چونکە ناوی "نەوزاد"ی هێناوەو ئاشکرای کردووە، "نەوزاد"یش مەترسی لەسەر چونکە خانووەکەی ڕووخاندووە، بەڵام کاتێک دەگوترێت: ئازاد گوتی، خانوەکە ڕووخێنرا. لێرەدا نازانرێت کێ خانووەکەی ڕووخاندووە، بکەر دیار نییە، مەترسی لەسەر بکەر نییە، وە هیچ مەترسییەکیش لەسەر قسەکەر نییە.

٢. شەرم: شەرم یەکێکی ترە لە هۆکارەکانی باس نەکردنی بکەری کردارەکان هێشتنەوەی بە نادیاریی.

٣. نەزانی: هەندێکجار باسنەکردنی بکەرو شاردنەوەی بە نەزانییە، پەیوەندیی بە هیچ هۆکارێکەوە نییە.

٤. خۆدزینەوە لەبەرپرسیاریەتی: بەکارهێنانی نادیاریی زۆر جار بۆ خۆدزینەوەیە لەبەرپرسیارێتی، کە وا دەکات بکەر باس نەکرێت.

٥. هەندیکجاریش بکەرەی کارەکان هێندە ڕوونە پێویست بە ناوهێنان ناکات، بۆیە بکەرەکان ناویان ناهێنرێت، بۆ نمونە کاتێک دەگوترێت، " بارزانییەکان ئەنفالکران " ڕوونو ئاشکرایە کە کێ ئەنفالی کردوون بۆیە ناوی ناهێنرێت. ئەسڵی ڕستەکە بەمشێوەیەیە، " ڕژێم بارزانییەکانی ئەنفالکرد"، بەڵام لەبەر ئەوەی بکەرەکە ڕوونو ئاشکرایە بۆیە ناوی بکەرەکە نەهاتووە.

٦. لەبەر خۆشەویشتی زۆرجار پەنابردنە بەر نادیاریی لەبەر خۆشەویستییە، نایانەوێت، ناوی کەسێک بهێنن، نەوەک زیانی بەرکەوێت.

٧. هەندێکجار پەنابردنە بەر نادیاریی لەبەر بێنرخیو بەکەم زانینی شتەکەیەو ناوی نابرێت.

٨. هەندێکجاریش بەکارهێنانی نادیاریی لەبەر گەورەیی شتەکانو کەسەکانە ئەمەش زیاتر لە قورئانی پیرۆزدا دەبینرێت،" بەمەبەستی گەورەکردن (تعظیم)ە، بۆ نمونە خوای گەورە لە ئایەتی سیو سێی سورەتی (ئەلزەمر)دا وەسفێکی تەواوی (ئەبوبەکری سدیق) دەکات و گەورەی دەکات، بەڵام ناوی ناهێنێت." " نووری رەسوڵ بابا،٢٠١٧: ٩٨ ". جگە لەمانەی باسکرا هەندێکجار نادیاریی بۆ مەبەستی ئەوەیە کەسە خۆی بەدوای زانیارییدا بگەرێت.


٩. هەندێکجار نادیاری لەبەر وشە تابۆکانە، ئنیجا ئەم وشانە لەهەر بەشە ئاخاوتنێکدا بن.

ئەو دەقانەی نادیارییان تێدایە رێژەی زانیارییان کەمترە، بە پێچەوانەشەوە هەمیشە ئەو دەقانە بەهێزترو کاریگەرتن، کە بکەرەکانیان دیارە، بەکارهێنانی شێوازی کردارەکان لە ناو دەقەکاندا هەریەکەو لێکەوتەی خۆی هەیە، هەر کردار بە نادیاریی بەکارنایەت بەشەئاخاوتنەکانی تریش وەک جێناوی نادیار ناوی نادیارو ئاوەڵناوی نادیار بەکاردەهێنرێن، کە ئامانجو مەبەستی بەکارهێنانی هەر یەکێکیان جیاوازە.

لە چێوەی دەقە ئەفسانەییەکەدا لە کۆی '٦٨٥' کردار تەنها '١٤' کردار بە نادیاریی بەکارهاتوون،کە دەکاتە رێژەی لە '٢,١٪' لەسەدا دوو و پۆین یەک، ئەمەش رێژەیەکی زۆر کەمە، بە بەراورد بە کردارە دیارەکانە، کە لە کۆی '٦٨٥' کردار لە نێو دەقە ئەفسانەییەکەدا '٦٧١' کردار بە شێوەی بکەر دیاریی بەکارهاتوون، ئەمەش دەکاتە رێژەی ' ٩٧,٩٩٪' لە سەدا نەوت و حەوتو پۆینت نەوەت و نۆ، ئەمەش رێژەیەکی زۆری کردارەکانە.

| ژمارەی وشە | ژمارەی کردار | | کرداری نادیار | | کرداری دیار | | جیاوازی دیار بۆ نادیار | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣٢٠٣ | ٦٨٥ | ٪٢١,٣٩ | ١٤ | ٪٢,١ | ٦٧١ | ٪٩٧,٩٩ | ٦٥٧ | ٪٩٥,٩١ |

هێڵکاری ژمارە(٧)کرداری دیارو کرداری نادیار





چارتی ژمارە(٧)کرداری دیارو کرداری نادیار

لەسەر ئەم پۆلێنە دەتوانرێت کاریگەریی کارەکان لەسەر دەقەکە دیاریی بکرێت، ئەو دەقانەی کاری ڕاگەیاندنیان زیاترە، هەواڵێک ڕادەگەیەنن، وە باوەڕپێکراوترنو دڵنیایی زیاتریان تێدایە، هەرچی کاری دانانیی (ئیلزامییە) زیاتر بۆ پەیوەستکردن بەکاردێت، بەڵام مەرج نییە پەیوەستکردنەکە جێبەجێ بکرێت، بەکارهینانی جۆری کارەکان هەندێک ڕاستی دەردەخات لەسەر دەقەکان، بوونی کاری دانانی (ئیلزانی) لەناو دەقەکەدا بەڵگەی خەیاڵییبوونی نووسەرەکە دەردەخات، ئەو دەقانەی کرداری داخوازیان تێدایە، دەقێکی بەرهەمهێنەو بکەری کردارەکان ئەنجادەرنو کردارەکان ڕادەپەڕێنن.

لە چیرۆی دەقە ئەفسانەییەکەداو لە کۆی '٣٢٠٣' وشە، ژمارەی بەشە ئاخاوتنەکان بە ڕێژەی جیاواز لە نێو دەقەکەدا بەکارهاتوون، بە شێوەیەک ژمارەی کردارەکان '٦٨٥' کردارە بە هەموو پۆلەکانییەوە، لە کاتێکدا ژمارەی ئاوەڵناوەکان '٣٨١' ئاوەڵناوە، بە پۆلی جیاوازەوە، جیاوازی بەکارهێنانی کردارو ئاوەڵناوەکان لە چیرۆی دەقە ئەفسانەییەکەدا، بە پێی دەقی تیۆری بوزیمان بەم شێوەیە.

<u>ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= ژمارەی کردار V÷ ژمارەی ئاوەڵناوA</u>

ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= ژمارەی کردار / ژمارەی ئاوەڵناو VAR= ٦٨٥ / ٣٨١ ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR=١,٧٩




چارتی ژمارە (٨) ڕێژەی وشەو کردار و ئاوەڵناو لە نێو دەقەکەدا

ئەنجامی دابەشکردنی ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناوەکان، جیاوازیی بەکارهێنانی کردارو ئاوەڵناوەکان لە چێوەی دەقە ئەفسانەییەکەدا هەندێک زانیارییمان دەربارەی دەقەکە پێدەدات، تیۆری بوزیمان چۆن بۆ پێوانەی دەقێکی چیرۆکو هۆنراوەو گوتار بەکاردێت بە هەمان شێوەش بۆ دەقی ئەفسانە بەکاردێت، بەڵام بەکارهێنانی تیۆریەکە بە پێی جیاوازی زمانەکان دەگۆڕێت، مەرج نییە هەموو ئەو پێوانانەی لە لە تیۆری بوزیماندا هەیە وەک یەک بەسەر هەموو زمانە جیاوازەکاندا دابەش ببێتو بگونجێت.

دەقی ئەفسانەی ' سەلیمی جەوهەریی' لە '٣٢٠٣' وشە پێکدێت، کە ڕێژەی کردارەکانی لە ئاوەڵناوەکان زیاترە، لە نێو کردارەکانیشدا کرداری ڕابردوو ڕێژەکەی لە هەموو جۆرو کاتەکانی تر زیاترە، ئەمەش پێمان دەڵێت، ئەفسانەی 'سەلیمی جەوهەریی' ڕووداوێکی مێژووییە، ئاڕاستەکردنو بیرهێنانەوە وروژاندن لە دەقەکەدا دەبینرێت، بەپێی پێوەرەکان بێت هەڵکشانو جوڵەی تێدایە، لەسەرەتای تەمەنی گەنجیدا نووسراوە، وە بەپێی ڕێژەی کردارەکان نووسەری ئەم فسانەیە لە ڕەگەزی مێیە، ڕێژەی کردارەکانزانیاریی ئەوە دەدات، کە ئەم دەقە دەقێکی زمانی ئاخاوتنە 'قسەکردنو گێڕانەوەیە'، هەروەها دەقێکی ئەدەبیشە.

**ئەنجامەکان**

١. ئەفسانە هەرچەند مێژووی سەرهەڵدانی دیارنییە، بەڵام وەک هەر دەقێکی تری ئەدەبی دەتوانرێت لێکۆڵینەوە لە دانە پێکهێنەرەکانی بکرێت، چونکە ئەویش هەم زمانی ئاخاوتنەو هەم زمانی نووسینە، شێوازی بوزیمانیش وەک تیۆریەکی ئاماریی لە چەند ڕوویەکەوە گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوەی دەقی ئەفسانەیی.

٢. شیکردنەوەی دانە زمانییەکانی دەقە ئەفسانەییەکە، زانیاریی ئەوە دەدات، کە ئەفسانە دەقێکی مێژوویەو گێڕانەوەی ڕووداوی تێدایە.

٣. تیۆری بوزیمان تیۆریەکی ئاماریی گونجاوە بۆ جیاکردنەوەی دەقێکی ئەدەبی لە دەقێکی زانستی.

٤. ئەوەی گرنگە لە تیۆری بوزیماندا ئاماژەی پێبدرێت جیاکردنەوەی شیکردنەوەی ئاستەکانی زمانە، بزانیت لێکۆڵینەوە لە کام ئاستەدا دەکەیت.

٥. لە کاتی پێوانەکردنی ڕێژەی کردارەکان لە دەقە ئەفسانەییەکەدا '٦٨٥' کردار بەکارهاتووە، لە کۆی '٣٢٠٣' وشە، ئەمەش دەکاتە ڕێژەی ' ٢١,٣٨٪' لە سەدا بیستو یەکو پۆینت سیو هەشتی وشەکان کردارن.

٦. لە کاتی پێوانەکردنی ڕێژەی ئاوەڵناوەکان، لە دەقە ئەفسانەییەکەدا کە '٣٨١' ئاوەڵناو بەکارهاتووە، لە کۆی '٣٢٠٣' وشە ئەشە دەکاتە ڕێژەی لەسەدا '١١,٨٩٪' لەسەدا یانزەو پۆینت هەشتاو نۆی وشەکان **ئاوەڵناون.**

٧. بە پێی شێکردنەوە ئامارییەکە ڕێژەی <u>ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= ژمارەی کردار V÷ ژمارەی ئاوەڵناوA</u>

ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= <u>ژمارەی کردار</u>= <u>٦٨٥</u> ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو VAR= ١,٧٩

ژمارەی ئاوەڵناو ٣٨١

٨. ئەنجامە ئاماریەکەی شێکردنەوەزمانییەکە، ئەوەمان پێدەڵێت ڕێژەی کردارەکان لە ڕێژەی ئاوەڵناوەکان بەرزترە، دەقەکە دەقێکی ئەدەبییە.

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی


١. محەمەد، سابیر دەریا و سابیر ڕۆژگار محەمەد سابیر،(١٩١٨)ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماریی بەپێی هاوکێشەی بوزیمان لە چەند شیعرێکی (فروغی فروغ زاد)و (هێرۆکوردە)دا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە(١٥).

٢. جەمال، ڕێبوار سەگرمە، (٢٠٢٠) ئەفسانەی کوردیی،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.

٣. مستەفا، سابیر نەزیرە، ( ٢٠١٨) پراگماتیکو شێوازگەریی، نامەی دکتۆرا زانکۆی کۆیە.

٤. خزر، غەفوور عارف،(٢٠٢٢ )دەنگسازی زمانی کوردی لە نێوان ئاستی ژێرەوە و سەرەوەدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

٥. ئەڵوەنی، نجم، (٢٠٠٧) ئەفسانەو پەندی کۆمیدی و گاڵتە ئامێزی کوردی، دەزگای میوزیک و کەلەپوری کوردی، چاپخانەی دارا، چاپی یەکەم، هەولێر.

٦. محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، (٢٠١٨ )، گونجانی تیۆریی شێوازگەریی بووزیمان بۆ ڕەخنەی شیعری نوێی کوردیی شێوەی کوردیی ناوەڕاست، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە ٤٠، ٢٠١٨.

٧. احمد، ڕزگار عبدالله،(٢٠٢٤) خوێندنەوەی ڕەخنەیی ئەفسانەناسی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی ئادابی زانکۆی سۆران.

٨. حەسەن، مەولود ئیبراهیم(٢٠٠٧) پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان ئەفسانەو (مێژوو)و (ئایین و فەلسەفە)و (زانست)دا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٩. حمەغەریب، سازان جەوهەر(٢٠١٩) ئەفسانەی کوردی لە ژێر ڕۆشنایی زانستی دەروونناسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین.

١٠. قەزاز، ئازاد(٢٠١٠) کەسێتی و ململانێی دەرونی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم سلێمانی.

١١. مەعروف، کەمال(٢٠٠٧) ڕەخنەی نوێی کوردی، بەڕوبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.


### بەزمانی عەرەبی


١. آبو علی، رجاء(٢٠٠٩) الاسطوره فی شعر آدونیس، دار تکوین، ط١، دیمشق.

٢. عزیز، کارم محمود(٢٠٠٦) اساطیر التوراة و تراثالشرقیه القدیم، مکتبه النافذة للنشر، دار طیبةللطباعة، الطبعة الاولي، الجزیرة.

٣. رشید، جمال (٢٠٠٥) ظهور الکورد فی التاریخ ,ص ،چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

٤. بیرجیرو، (١٩٩٤)،الاسلوب والاسلوبیه، ت منذر عیاشی،المرکز القومی، بیروت.

٥. سعد، مصلوح، (١٩٩٢)، الاسلوب، عالم الکتاب، القاهیرة.

٦. کاسیرر، أرنست،(٢٠٠٩) اللغه و الاسطوره، ترجمه سعید الغانمی، ط١،هیئه ابوظبی للثقافه و التراث.

## پاشکۆ

### ژمارەی کردارەکان

دەگێڕنەوە، دەڵێن، هەبوو، بوو، هەبوو، هەبوو، بوو، نەدەبوو، دەگێڕنەوە، دروستکردبوو، هەڵبژاردبوو، نەیگاتێ، بنیاتنابوو، هەبوو، دەبینی، سەرسامدەبوو، دانراوە، تێڕامان، بوو، نەبوو، هەبوو، دەکەوت، دەڵێت، دەبوو، نەدەبوو، نیشتەجێبوو، نەبوو، بردبوو، هەبوو، بوون، دەژیان، هەبوو، هەبوو، خۆشدەویست، هات، ڕۆیشت، بوو، نەکرا، حەیاتیرەشیدا، بوو، وایلێهات، کەوت، نەکرا، بەسترا، چارنەکرا، بوو، بوو، دەکرد، بوو، مرد، دابوون، دەتوانن، بکەن، بوو، بەسترابوو، نەیدەتوانی، بکات، دەدوا، درێژەیکێشا، پەیدابوو، دەردەکەوت، دەکردن، دەکرد، کۆبوونەوە، چوون، بووەوە، گوت، سوتاوە، حەیاتیرەشیدا، مرد، دەچێت، بەستراوە، ناکات، هەیە، هاتن، نەیانتوانی، بکەن، ە، نازانین، بکەین، گوتی، دەبێتەوە، گوتیان، گوتی، بێت، بگێڕێتەوە، چاکدەبێتەوە، بوو، نەبوو، بوو، نەزانراوبوو، دەیانگوت، ە، دەیانگوت، ە، بێت، بوو، بوو، بوو، بووایە، دەگێڕایەوە، بوون، دەخست، خۆشیاندەویست، دەچوون، وەگێڕێت، چوون، باسکرد، پێیانگوت، دەکرێت، بچێت، گوتی بکرێت، بێم، پێچایەوە، وەرێکەوت، کرد، گەیشتن، بوو، سازکرد، چووە، دانیشت، گوتی، دەگێڕمەوە، ە، کرد، گوتی، گەیشتن، بوو، ژیایین، بوو، دەکرد، بەخێوکرد، بوو، کردیان، دابەشدەکرد، وەردەگرت، بەشدەکرد، گلدەدایەوە، بووایە، دەیکرد، خڕکردەوە، بوو، هاتی، بووم ، دادەدا، پێیدەگوتم، نازانی، پەیداکردووە، دەدەی، هەتن، نەمێنێت، نایەن، دەکرد، دەدا، هەبوو، نەدەبووەوە، نەدەنێ، پەیدادەکرا، دەخورا، پاشەکەوتدەکرا، مرد، هەیبوو، کرد، کردم، نییە، تەواوبووە، بردەوە، گوت، سازبکە، گوتی، نەشکاندم، دانا، دایان، ڕۆیشتن، گوتم، واتکرد، گوتی، دامناوە، نییە، بڕۆ، بزانە، دەکەن، گوتی، گەڕام، زانیان، نەماوە، خۆیانلێدزیمەوە، بیرکەوتەوە، دەیگوت، هەتن، نەمێنێت، نایەن، هات، گەڕامەوە، گوتی، هەیە، پێتیبڵێم، گوتی، گوتی، دەزانم، بڵاوە، دێت، نامێنێت، داناوە، ببینێت، چووە، لێبوو، کردییەوە، تێدابوو، جێهێشتبوو، نووسیبووی، نەماوە، نەهاتن، هەڵگرە، بچۆرە، کرد، ڕۆیشت، نەدایە، گاڵتەدەکات، گەڕایەوە، دەگرت، بوو، کردیان، خڕکردەوە، بوو، بووەوە، هات، کەوت، دەرهێنا، سوڕا، کەوت، هەیبوو، خوارد، بوو، هات، دەکەم، بکە، وەرگەڕا، کرد، پێیگوت، نابێت، بکەیت، نەماویت، هێنا، هەڵگرت، تێپەڕاند، کرد، بوو، دەگوت، نەدەچوو، بوو، دەهات، دەیگوت، دێت، دەکەم، بکات، بوو، نەبیستبوو، گوتی، ئامادەم، نییە، نییە، بردەوە، بوو، کرد، دابینکرد، بەخۆیداهاتەوە، هێنا، بوون، بەڕێکەوتن، ڕۆیشتن، گەیشتن، پشوویاندا، گوتی، شۆڕدەکەمەوە، ە، پڕبکە، بەست، شۆڕکردەوە، گەیشت، گوتی، بوو، ڕووانیم. لێبوو، پڕبوو، پڕکرد، بەرزکردەوە، وەرگرت، گوتی، کارمپێتنەما، بەجێیهێشت، ڕۆیشت، هات، مایەوە، نەیتوانی، بێت، نەما، چوو، نارد، گرت، هێنا، ڕزگارییبوو، دایە، ڕزگاریبوو، نەیدەزانی ، بچێت، پێنەبوو، برسیبوو، بوو، گرت، ڕۆیشت، ڕۆیشت، بەدیکرد، تیانەبوو، خەریکبوو، وشکدەبوو، خەریکبوو، دەخنکان، گەیشت، نەبوو، بوو، دابێت، لێبڕا، لێکەوت، بینی، دەگەڕا، بوو، پێبوو، دەکرد، دەیگوت، ە، بێت، بکەم، بیبەم، گوتی، گوتی، هەیە، هاتوون، وشکیانکردووە، نایەڵن، بێیت، وەخۆیت، ببیت، بگریت، دەتوانیت، لەناوبەری، گوتی، دەبم وەخۆم، داهات، خواردەوە، بوو، گرت، برد، دەرۆیشت، هەڵچنیبوو، بووبوو، نەدەهات، حەشاردا، ئاشکراکرد، بینی، ئاوریانهێنا، بەشەڕهات، دەبردن، دەکرد، قوتدەدا، لێدەبڕا، دەکرد، دەهات، دەشکاند، دادەوەشاند،

دەکوشت، دەدا، لەناوبرد، داڕووخان، ئازادبوو، گەیشت، ڕزگاریانبوو، کەوتن، کرد، نەدەناسی، جێهێشت، ڕۆیشت، ڕۆیشت، کەوت، هەبوو، برسیبوو، کەوت، دەڕۆیشت، دەچووە، بوو، بوو، بینی، جوانبوو، گوتی، دەبێت، بکەی، دەتکوژم، ڕازیبوو، سازکرد، کرد، هات، مایەوە، برد، دەڕۆیشت، نەمابوو، بوو، دەکرد، هەبوو، بوو، بوو، هەولیدا، هەڵبێت، نەیتوانی، کردەوە، بکات، پێدروستبکات، بتوانێت، ڕزگاریبێت، کرد، پێدروستکرد، برد، داخست، پێدەکردن، پسان، گلۆربوو، چوون، ڕۆیشت، بوو، ڕۆیشت، هەوڵیاندا، نەیانتوانی، بگرن، نەدەزانی، دەگۆڕی، تاویدەدا، ڕزگاریبوو، گرت، ڕۆیشت، دای، بەجێهێشت، ڕۆیشت، گەیشت، بەدیارکەوت، دروستکرابوو، پێدەچوو، بێت، چۆڵبوو، گەڕا، نەدی، بوو، دیارنییە، لایدا، پشوویدا، بوو، لادا، بینی، گوتی، دەکەی، گوتی، گوتی، هاتووم، گوتی، ە، گوتی، پەیدابووە، ە، دێت، هەڵدەگرێت، دەیبات، چۆڵدەکەن، دێنەوە، نین، بڕۆم، دەچم، گوتی، دەبات، گوتی، ە، دەبێت، ئالاندووە، دەیەوێت، بچێت، بخوات، دەبات، دەیخات، دەپارێزێت، گوتی، دەچم، دەیکوژم، ڕزگاردەکەم، چاوگێڕا، تاودایە، دانرابوو، وەڕێکەوت، بینی، ئالاندبوو، قوتدابوو، تێکیبشکێنێت، دەڵێن، دەخوات، پێناکرێت، تێکینەشکێنێ، زانی، پەلاریدا، پڕبوون، پەلاماریدا، کرد، دا، لێبوو، هاتەوە، حەشاردا، نیشتەوە، سەیریکرد، کوژراوە، دراوە، بوون، گوتی، بزانم، کردووە، بڵێ، دەکەم، وەدەرخست، گوتی، کردووە، کردەوە، گوتی، پێمبوو، بسووتێنە، دەگەم، دای، ڕزگارکرد، هێنا، ڕێزیانلێنا، کردیان، نەدەناسی، بوو، جێهێشت، وەڕێکەوت، نەیدەزانی، دەچێت، ڕۆیشت، ڕۆیشت، کردەوە، فێربێت، ە، پێدابینبکات، بەدیکرد، بوو، چووە، لێبوو، خۆیکرد، تێدابوو، بوو، گوتی، دەمەوێ، فێربم، کرد، بوو، گوتی، ە، کاربکە، کرد، هەبوو، بڕیاریدا، گوتی، هەیە، بتوانێت، دروستبکات، وێدەدەم، کەوتن، درووستکردبوون، درووسکردن، دروستکرد، ڕیزکرد، وەستابوو، هات، کرد، بوو، برد، دا، سازکرد، بانگکرد، هات، بوو، کەوت، تێنەپەڕی، بوو، نەکرد، دا، هەبوو، بخوازێت، بمرێت، دەبێت، بخەن، بیست، هەوڵیدا، قوتاربکات، نەبوو، خست، دای، پێکهاتبوو، داپۆشرابوو، کونبڕبوو، دانیشتبوو، بیریدەکردەوە، ڕزگاریبێت، بیریکردەوە، بیریکەوتەوە، دەریهێنا، سوتانی، هات، دەرهێنا، ڕزگاریبوو، دای، ڕزگاریبوو، کرد، گەیشت، دەیگوت، بڕۆیت، ئەگەیت، لێیە، بگرێت، دەیکات، دەکات، پێیەتی، دەیبات، دەیبینی، ڕۆیشت، گەیشت، خەوتبوو، بوو، داخستبوو، دابوو، لێدەکرد، دانابوو، بیخوات، بووبوونەوە، هەڵگرت، ڕۆکرد، کوێرکرد، دەینەڕاند، وەردەدا، گوتی، دەبخۆ، بێت، کوێربوون، نەیدەزانی، دای، دەڕۆیشت، وەردەدا، بوو، ڕۆیشت، گلا، بوو، شکا، بوونەوە، ڕزگاریانبوو، دای، دەرهێنا، دایەوە، بووبوون، هێنایەوە، هاتبوو، گەیشتەوە، کوێربووبوو، کرد، چاکبوونەوە، شادبووەوە، ڕزگاریبوو، تیکدەشکا، دەگریا، سەردەکەوت، دەیدایە، چاکبووەوە، توانی، بکەوێتەوە، خۆشحاڵبوون، بوو، گوتی، بوو، دیارنەما

#### ژمارەی ئاوەڵناوەکان

دێرین، بەرز، گەورە، پڕ، ڕەنگاوڕەنگ، تێر، سەخت، گەورەو بەرز، قایمو بەرز، سەرسام، چۆن، گەورەگەورە، پانیو درێژی، ئاسودەیی، بێکێشە، جوان، ڕەش، بەخزمەت، هەژار، دادپەروەر، مرۆڤدۆست، نەخۆشی، مقۆمقۆ، درێژ، چاک، بەهارە، چاک، گەورە، سوتاوە، تاقانە، ڕەش، چاک، چاک، پیران، بەتەمەن، ڕیشسپی، پیاوچاک، خواناس، قسەخۆش، قۆشمە، خۆش، خۆش، ماقوڵان، خۆش، ماقوڵان، ماقوڵان، ساز، گەورە، ڕاستی، حەڵاڵ، هەژار، نەدار، ئازا، بەتوانا، خڕ، دەستبڵاو، زەرد، چۆن، نەخۆشی، پیر، ساز، دەستبڵاو، کەڵک، کۆن،

کەڵک، بەهێز، بەتوانا، باش، خڕ، دڵخۆش، ڕووگەش، غەمبار، خراپ، کەڵک، پڕ، پڕ، شۆڕ، تەخت، تەخت، پڕ، پڕ، بەرز، دڕاو، تۆزاوی، وشکوبرینگ، تەڕایی، وشک، وشک، کوێرایی، هێز، کۆن، تیژ، تێر، تیژ، تێر، وشک، تێر، تێر، کوێرایی، تۆزێک، تێر، گەورە، هێز، ئازاد، ڕزگار، کەیفوخۆشی، سەخت، گەورە، چڕ، جوان، ساز، پڕ، ڕزگار، پڕ، ڕزگار، سەخت، چۆڵ، ماندوو، چۆڵ، ترس، ترس، گەورە، ڕزگار، تیژ، تازە، پڕ، تێروپڕ، ڕزگار، چاکە، کەیفوخۆشی، دەستکورت، هەژار، باش، خۆش، گەنج، بەتوانا، چاک، توانا، جوان، باش، جوانتر، گەورە، ساز، کەیفو خۆشی، خۆشیو شادی، سەخت، ڕەش، ڕزگار، ڕزگار، ڕزگار، ترس، گران، خانەدان، چ، سامدار، سام، سور، کوێر، کوێر، ئازار، ڕزگار، گەورە، خانەدان، پیر، کوێر، چاک، شاد، هەژاریی، نەداریی، ڕزگار، چاک، چـــاک، خۆشـــحاڵ، بەهـــارە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو..ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەم...ە، ئەم...ە، ئەم...ە، ئەو...ە، ئەو...ە ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەم...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە،ئەم...ە،ئەو...ە،ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەم...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە،ئەو...ە،ئەو...ە،ئەو...ە،ئەو...ە،ئەو...ە،ئەم...ە، ئەو...ە، ئەو..ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو...ە، ئەو..ە، هەر، هیچ، هندێک، هندێک، هیچ، هیچ، هەندێک، هەرچی، چ، هەنێک، هەندێک، هەر، هەر، هەندێک، هەر، دیکە، هەر، هی، هی، هەر، چیتر، چیتر، هەر، هەر، هەر، هەر، هەندێک، زۆرباش، هەموو، زۆر، تر، چەند، زۆر، چەند، زۆرپەرۆش، هەندێک، تر، هەموو، هەموو، هەموو، هەندێک، زۆرگەورە، کەمێک، چی، زۆر، زۆرگەورە، هەموو، تر، هێند، زۆر، هەموو، زۆر، هەموو، تر، زۆر، چەند، هەموو، هیچ، هەموو، هەموو، هەموو، چەند، زۆر، زۆرباش، چەندین، گەورە، چەندین، زۆر ، چ...ێک، هیچ، هەموو، هەموو، هەموو، زۆر، هەموو، تر، هەموو، هەموو، هەموو، دی، زۆر، ،یەکێک، زۆربرسی، هەموو، زۆرکۆن، هەموو، زۆر، **زۆر، چەند، هەموو، چەند، چەند، تر، زۆربرسی، هەموو، چەندین، هەموو، زۆر، زۆرگران، زۆر، زۆر، زۆر، زۆرکەم، چەند، هیچ، هەموو، هەموو، چەند، هەموو، کەم، تر، یەکەم، زۆر، هەموو، دی، زۆر، وا، هیچ، هی، زۆر، کەمێک، زۆرگەورە، زۆر، زۆر، هەندێک، سەد، دەیان، دەیان، یەکەم، دوو، دوو، یەک، حەوت، دوو،حەوت، یەک، یەک، سەدان، سێ، چوار، حەوت، سێ، دووسێ، یەکەم، چل، یەک، چل، یەک، چل، چل، چل، دوو، چل، سێ، دوو، یەک، سەدان، یەکێک.**

## تحليل اسلوب استخدام اللغة في نص الاسطورة الكردية
## اسطورة "سليم جوهرى" نموذجا


**الملخص**

تعتبر الأسطورة من أهم أجزاء الأدب الفولكلور لأي أمة، و لها تاريخ القديم و الغامض، و اللذى بقية على شكل ريواية و نص مكتوبة، و هو عملا قيما و يرواعن لسان الانسان و الحيوان، و البطل فيها يحتوي من الانسان و الحيوان والشباح و الاحدث فيها معقدة، في جوهر كل واحد من الاسطورة فيها كثير من العبرة والنصائح، و قصص الابطال عظماء و أفعال عظيمة توجد بطريقة خيالية في الأساطير تبقى بعض الظواهر المجهولة لأنها خيالية و تبقى غامضة و الغموض في المعنى والتصرفات و الحركات و بعض الاشياء الاخرى موجودة في الاساطر وهم مونتج من خيال البشر و مستحق للبحث منه ، أدت الأهمية اللغوية لموضوع الأسطورة إلى تحليل العناصر اللغوية

التي يتكون منها نص الأسطورة، ففي محتوى كل أسطورة توجد عدة أجزاء من الكلام ذات وظائف مختلفة و واحدة من المناهج والنظريات المناسبة لهذا التحليل نظرية (بوزمان )هذه النظرية تعمل في فضاءي النص اللغوي و الأدبي، مما يمكن أن يعطينا استنتاجا معقولا حول النص، و هذا البحث يقوم بتحليل وحدة اللغوية في الاسطورة الكردية ( سه ليمي جەوهەرى) ، بنظرية محددة، وهو معرف بقاعدة (A.Buseman) ، سواء الفعل أو الصفة وهما الأجزاء الرئيسية للبحث، ويتم الحصول على البيانات الإحصائية والمعلومات التفصيلية عنها. و النتائج هذه التحليلات عن طريق هذه النظرية و ركزوا على مواضع غير واضحة و الغامضة و حودث الاسباب اللذي ادت اليها ، و في النهاية عرض النتائجها.

**الكلمات الدالة:** *الأسطورة، بنية الأسطورة، النص اللغوي، التحليل الإحصائي، المعادلة البوذية.*

**Analysis of the style of using language in the text of the Kurdish myth**
**the myth of "Salim Johari" as a model**

**Abstract**

Myths are considered to be one of the most important parts of folk literature of any nation, which has an ancient and unknown history, remained in the form of speech and written texts Dozens of proverbs in each legend It contains advice and stories. Great heroes and great deeds exist in an imaginary way. In mythology, some unknown phenomena remain unknown because they are imaginary. The linguistic importance of the subject of the legend has led to the analysis of the linguistic elements that make up the text of the legend. In the content of each legend, there are several parts of speech with different functions. One of the approaches and theories appropriate for this analysis Buziman's Theory This theory works in both the linguistic and literary text spaces, which can give us a reasonable conclusion on the text. (A.Buseman) is known, both verb and Pronouns are the main parts of the research. Statistical data and detailed information are obtained about them. The results of the analyzes are obtained according to the theor.

**Keywords:** *Myth, myth structure, linguistic text, statistical analysis, Busiman equation*.